# یادی (٢٠) ساڵەی کارەساتی ئەنفال بە بەشداریی چەندین لایەن و، ژمارەیەک لەکوردەکانی دانیشتووی نۆرویژ بەڕێوەچوو!

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**
**گەلی ستەمدیدە و بندەستی کورد!**




ڕۆژی یەکشەممە بەرواری ١٣,٠٤,٢٠٠٨ بەهاوکاریی کۆمیتەی نۆرویژی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان و، کۆمیتەی ناوەندی چاکی نۆرویژ و، کەمپینی بەجیهانی کردنی جینۆساید دژ بەگەلی کوردستان و، بەبەشداریی ژمارەیەک لە هاووڵاتیانی کوردی دانیشتووی شاری ئۆسلۆ و دەوروبەری، کۆڕێکی ماتەمینی تایبەت بە یادی بیست ساڵەی "جێنۆسایدکردنی گەلی کورد" (ئەنفال) لەشاری ئۆسلۆ بەڕێوەچوو.

کۆڕەکە ماوەی سێ دەمژمێری خایاند و، سەرەتا بە دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ئەنفال، لەگەڵ مارشی ئەنفال دەستپێکرد .

**دواتر پەیامی هەریەک لە:**

١- کۆمیتەی نۆرویژی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، لەلایەن شوان بەرزنجییەوە خوێندرایەوە.
٢- کۆمیتەی ناوەندی چاک لەنۆرویژ، لەلایەن بەرێز عەبدولباست محەممەدەوە خوێندرایەوە.
٣- کەمپینی بەجیهانیکردنی جینۆساید دژ بەگەلی کوردستان، لەلایەن بەرێز ئیدریس

سابیر دوە خوێندرایەوە.

**بەشی دووەمی کۆڕەکە، تایبەت بوو بە پێشاندانی فیلمێکی سینەمایی کوردی بەنێوی "نێرگزی خوێناویی"، کە لەساڵی ٢٠٠٦ی زایینی، خەڵاتی یەکەمی ئەمنێستی ئینترناسیۆناڵی وەرگرتووە.**




**پاشان ئەم بەرێزانە پەیامی خۆیان خوێندەوە:**

١- خاتوو سۆزان سەهەند.

٢- بەرێز ئاسۆ گەرمیانی بە نوێنەرێتی بنەماڵەی ئەنفالکراوەکانەوە لێدوانێکی پێشکێشکرد.

٣- خوێندنەوەی هۆنراوەیەک لەلایەن بەرێز ئاڵا هۆشیار دوە.

لەکۆتاییدا کۆڕەکە، بەسروودی نەتەوەیی "ئەی رەقیب" کۆتایی پێهات .

**شایانی باسە ئەم حیزب و رێکخراوانە ئامادەی کۆڕەکە بوون:**

١- پارتی ژیانی ئازادیی کوردستان (پژاک)

٢- کۆمیتەی رێکخستنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەنۆرویژ .

٣- رێکخراوی یارسان .

**هەروەها ئەم بەرێزانە، را و بۆچوونی خۆیان پێشکێش کرد:**

١/بەرێز هاوار رەسوولپور

٢/بەرێز سامان خانەقینی

٣/ بەرێز سەلاح سەقزی

٤/بەرێز بێکەس بێکەس.

**کۆڕەکە لەلایەن بەرێز محەممەد قەراخی یەوە بەرێوەبرا.**

**بەرز و بەرێزبێت یادی شەهیدانی "ئەنفال" و هەموو شەهیدانی رێی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان!**

**هەرشەکاوە بێت ئاڵای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان!**